کوا پۆڵا سەعید؟.. . ئاوات جاف

ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەنگێک هەیە کە پۆڵا سەعید واز لە نووسین دێنێت هەتا چەند ئەم هەواڵە ڕاستە ئەوەیان دەکەوێتە سەرشانی ڕۆژگار. بەڵام نەبوونی نووسیینی پۆڵا سەعیدیش لە کوردستانپۆست نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هەواڵە ڕاست بێت، بۆ نموونە سەروتار ئێستا کاک تاهیر ساڵح شەریف دەینووسێت، تووخوا ئەم هەراوهوریایەی نێوان کوردستانپۆست و کوردستان نێت بێجگە لە زەرەر چ قازانجێکی بۆ کورد هەیە؟ بەڵام بڵێی کاک پۆڵا بۆچی ئێستا نانووسێت؟ تۆ بڵێی لە داخی کوردستان نێت بێت یان چی؟ یان لە داخی ئەو چەقاوەسوانەی سایتی کوردستان نێتە کە ماوەیەکە وەک قووتابخانەی جنێوی کوردی هەرچی قسەی ناشرینە بە کاک پۆڵای دەڵێن، خۆ لەکاتێکدا ئەگەر واز لە نووسین بهێنێت تەنها زەرەرێک نابێت بۆ کوردستانپۆست و سەرکەوتنێک بۆ کوردستان نێت بەڵکوو کەس سەرکەوتوو نابێت لێرەدا تەنها ئەوە نەبێت هەموومان زەرەرمەند، ناشکوری نەبێت ڕۆژانە زیاد لە پەنجا کەس لە سایتەکاندا دەنووسن بەڵام لەم پەنجا کەسە دەتوانم بڵێم پێنجیان نووسەرن ئەوانی تر وەک قسەکەرەکانی ژوورەکانی پاڵتۆڵک دەروونی خۆیان هەڵدەڕێژن، خۆزگە کاک عومەر فارس بەدوای ڕوونکردنەوەیەکدا دەگەڕا و هەوڵیش بدات لە ئایندەدا دەیان کەسی وەک جەمال فەتاح لە سایتەکەی دووربخاتەوە کە بێجگە لە زیان هیچ قازانجێک بە کوردستان نێت ناگەیەنێت، کابرایەک هەیە لە پاڵتۆڵک ناوی تاتاهوە ئەو جەمال فەتاحە و تاتاهوش وەک یەک وان هەردووکیان جنێوفرۆش خۆ ئەگەر پێشبڕکێی جنێو لەنێوانی تاتاهوو و جەمال فەتاحدا بکرێت ئەوا جەمال فەتاح مەدالیای ئاڵتوون وەردەگرێت. بەهیوام من هەڵە بم ئەو هەواڵە وا نەبێت وەک من بیستوومە بەهیوام کاک پۆڵا سەعید لە نووسینەکانی بێ بەشمان نەکات،،،

ئاوات جاف
ئەڵمانیا
ڤیزبادن
05 .11 .11